

# MTF INDUSTRIAL GROUP

**Design and Production**
**of Elecrtical Panel**

from Iran to all of the world **2024**

گروپی پیشەسازیی
میهەن تابڵۆ فەجر


شانازی بەوە دەکەین
کە بەردەوام لەگەڵ
باشترینەکاندا
ئیش و کار دەکەین.
NTF +
گروپی پیشەسازیی میهەن تابلۆ فەجر




## چاوپێخشاندنێکی کورت بەسەر کۆمپانیاکەدا

گروپی پیشەسازیی میهەن تابلۆ فەجر هەر لە سەرەتای ئیش و کارەکانی خۆیدا ڕەزامەندیی کڕیارە بەڕێزەکانی کردووەتە ئامانجی سەرەکیی خۆی و بە سوودوەرگرتن لە زانستی سەردەم و زانیاریی تەکنیکیی ئەندازیار و پسپۆڕە بەئەزموونەکانی لە هەموو قۆناغەکانی دارشتنن، بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و هەروەها بە ڕەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، بەردەوام هەوڵی داوە هەر ڕۆژ باشتر لە ڕابردوو بێت. ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەداین کە چاکسازی و پێشڤەچوون تەنها بژارێک نییە، بەلکوو وەک فەرزێکە بە سەرماندا. هەر بۆیە بەردەوام چالاکی و خزمەتگوزارییەکانمان دەخەینە ژێر چاودێری و چاکسازی و ئامانجی کۆتاییمان ئەوەیە کڕیارەکانمان بتوانن زۆرترین سوود لە بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکانمان وەربگرن. ڕەزامەندی کڕیاران هێزی جووڵەی کۆمپانییەکەمانە و ڕادەی پێشڤەچوون و بەرزبوونەوەی ئاستی خزمەتگوزارییەکانمان بۆ کڕیارە بەڕێزەکان بۆ هەمووان ڕوون و ئەشکرا بووە.





# Mihan Tablo Fajr
# Green
# Electrical Panel
# +
# Sustinable Vision
# Customer satisfaction





## ڕوانگەی داهاتوومان

لەم سەردەمەدا و بە پی ئەو پێشڤەچوون و گەشەسەندنە بەردەوامەی کە لە جیهاندا لە ئارادایە، ژیانی مرۆڤ ناچار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە پیشەسازییەکاندا و کەرتی پیشەسازیش بە ناچار دەبێ بە ئەرکی خۆی هەستێت و تێبکۆشێت بۆ ئەوەی جیهانێکی باشترمان بۆ دروست بکات.

## ئەرک و ڕاسپاردەی ئێمە

ئێمە هەوڵ دەدەین بە ڕەچاوکردنی پێوەرە جیهانییە باڵاکان و ئەو سەرچاوانەی لە بەردەست مرۆڤایەتیدایە، نەخشە ڕێگایەک دارێژین کە تێیدا تەواوی بوارەکانی ژیان و ئایندەی گۆی زەوی لەبەرچاو گیرا بێت و ئامانجمان تەنها بەرهەمهێنان و قازانج نەبێت. ئیمە هەمووومان بەرپرسیاری بڕیارەکان وکاریگەرییەکانمانین.

## تێڕوانین

برەندە سەوزەکان (ژینگەدۆستەکان)، بەشێکن لە ناوەڕۆکی مارکێتینگی کۆمەڵایەتی و بەردی بناغەیان لە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی و ژینگەپارێزی پێکهاتووە و بەرژەوەندییەکانی کڕیار، ڕێکخراو و کۆمەڵگە و سەرکەوتنی مادی و ڕۆحی مسۆگەر دەکەن. ئەم برەندەنانە زۆر لە سەر پاراستنی ژینگە سوور و هەستیارن و خۆیان پابەند بە پێوەرەکانی ژینگەپارێزی دەزانن. ڕۆژانە برەندگەلی سەوزی تازە لەدایکدەبن لە جیهاندا. گەشەسەندنی ئاستی زانیاری و زانستی کڕیارەکانیش یەکێکی تر لەو هۆکارەکانی لەدایکبوون و گەشەسەندنی برەندە سەوزەکانە و ئەگەر بمانهەوێت لە دڵی کڕیاراندا جێگایەک بدۆزینەوە، دەبێ حەتمەن بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگرین. برەندە سەوزەکان ستراتژییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە چرای ڕیگای خۆیان و بەرە ئامانجی گەشەسەندنی بەردەوام هەنگاو دەنێن. گروپی پیشەسازیی میهەن تابڵۆش بە شانازییەوە ڕێبواری هەمان ڕێگایە و لە کڕینی مادە و کەرەستە سەرەتاییەکانیدا و لە قۆنای بەرهەمهێنانیشدا، بەردەوام هۆڵ دەدات خاڵەکانی تایبەت بە کۆمەڵگا و ژینگەپارێزی ڕەچاو بکات.



# پێشانگاکان

## حەڤدەهەمین پێشانگای پیشەسازیی کارەبا ٢٠١٧






## شانزدەهەمین پێشانگای پیشەسازیی کارەبا ٢٠١٦






## پانزدەهەمین پێشانگای پیشەسازیی کارەبا ٢٠١٥







## نۆزدەهەمین پێشانگای پیشەسازیی کارەبا ٢٠١٩






## هەژدەهەمین پێشانگای پیشەسازیی کارەبا ٢٠١٨








## حەڤدەهەمین پێشانگای پیشەسازیی ڕێگای ئاسنینی شەمەندەفەر ٢٠١٧













## پانزدەهەمین پیشانگای پیشەسازیی ئاو ٢٠١٩


























## پێوەری قۆناغەکانی بەرهەمهێنان

### یەکەی تەکنیکی و ئەندازیاری

دارشتنی کارەبایی و دیاریکردنی جێگای بۆردە کارەباییەکە بە پێی تایبەتمەندییە داواکراوەکان و چاودێریکردن بە سەر قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و مۆنتاژ.

### کانزاکاری

بڕینەوەکاری، کونکردنەوە، چەماندنکاری و لەحیم بە پێی جۆری بۆردە کارەباییەکە

### یەکەی ڕەنگکردن

خاوێنکردن و لابردنی ژەنگ لە سەر پێستی کانزاکان و گرتنی چەورییەکان، فۆسفاتکاری، شۆردن و ڕەنگکردنی قاپی بۆردە کارەباییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ

NTF + 7

## بڕوانامەکان

**ISO 9001:2015**
Quality Management System (QMS)

**ISO 10001:2018**
Customer Satisfaction Measurement System

**ISO 10002: 20018**
Customer Complaint Handling

**ISO 10003:2018**
Dispute Resolution

**ISO 10004: 2018**
Monitoring Customer Satisfaction

**ISO 50001:2018**
Energy Management System (EnMS)

**ISO 14001:2015**
Environmental Management System (EMS)

**ISO 45001:2018**
Occupational Health and Safety Management System (OHSMS)

**ISO /IEC 17025:2017**
General requirements for the competence of testing and calibration laboratories



### مۆنتاژ

مۆنتاژکردنی ئێسکەپەیکەری بۆردە کارەباییەکە لەگەڵ پارچە و ئەشیا کارەباییەکانی بە پی نەخشەی تەکنینکی

### تاقیگا

ئەم یەکەیە لە دوو بەش پێکهاتووە کە بریتین لە ١. تاقیگای ڕەنگ ٢. تاقیگای کارەبایی و تاقیکردنەوەی کۆتایی

### پشکنین و کۆنترۆڵکردنی کوالیتی

پشکنین و کۆنترۆڵکردنی کوالیتی بە پی پێوەرە ژینگەیی، کارەبایی و میکانیکییەکان و بە پی پێوەرەکانی ستاندارد.

### بەستەبەندی

بەستەبەندیکردنی بۆردە کارەباییەکان بە پی پێوەرە ئێستاندارەدەکان

## مەودای چالاکییەکانمان

مەودای چالاکییەکانی کۆمپانیای میهەن تابلۆ فەجر زۆرێک لە بەرهەمەکان لەوانە بۆردی کارەبایی ڤۆڵتییەی خوار، ڤۆڵتییەی ناوەندی، جیگر و نەگۆڕ، چەکمەجی و جۆرەکانی سینی و پەیجەی کارەبایی لەخۆدەگرێت. تواناکانی ئەم کۆمپانیایە چەندین جار لە پێشەسازییەکانی نەوت و غاز و پترۆکیمیا، ڕێگای ئاسنی شەمەندەفەر و مترۆ، پۆڵا، بیناسازی، نەخۆشخانە، زانکۆکان و پیشەسازییەکانی تردا سوودیلێوەرگیردراوە و لیهاتوویەکەی سەلمێندراوە.

**نەوت و غاز**

**پێشەسازی ڕێگای ئاسنینی شەمەندەفەر**

**پیشەسازییەکانی تر**



دابەشکردنی کارەبا

دۆڵەت و شارەداری

بیناسازی





## دەستپێکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان

پرۆسەی بەرهەمهێنانی بۆردی کارەبایی لە کارخانەدا، لە بەشی نووسینگەی تەکنیکی و بە داڕشتنی نەخشەکانەوە دەستپێدەکات. داتا وەرگیراوەکان لە لایان پسپۆڕانی زانا و بەسوودوەرگرتن لە سۆفتوێری CAD-electrical و Eplan شیکاری و ئانالیز دەکرێن و لە قاڵبی دیاگرامی نەخشەی یەک-هێڵی (Layout) و سێ-هێڵی داڕشتنیان بۆ دەکرێت و پاشان بە پێی ئەم داڕشتنە لیستی کەرەستە پێویستەکان و چک لیستەکانی تر ئامادە دەکرێن. هەروەها داڕشتنی تەواوی پێکهاتە و جەستەکانیش بە سوودوەرگرتن لە سۆفتوێری CAD – mechanical و Solidwork و لە قاڵبی مۆدێلگەلی سێڕەهەندی پرۆسێسیان بۆ دەکرێت و ئامادەی بەرهەمهێنان دەکرێن. سۆفتوێری Fluent بۆ ئەنجامدانی حیساباتی گەرمایی و سۆفتوێرەکانی PCM ٦٠٠ و DGISI و CAP۵۰۵ بۆ ڕێکخستن و کانفیگ (SETTING - CONFIGUE) لە میانەی پرۆسەیەکی ئەبدازیاریی وردبینانە و تەکنیکیدا بەکاردەهێنرێن.





سەرەتا پلانی سەرەتایی تایبەت بە هەر بەرهەم بە شێوەی سێڕەهەندی و بەسوودوەرگرتن لە سۆفتوێرە پسپۆڕییەکانەوە داڕشتنی بۆ دەکرێت. پاش لێکدانەوەیەکی هەمەلایانە (حیسابکردنی خۆڕاگریی میکانیکی، حیسابکردنی ڕادەی بەرگەگرتنی پەیوەندی کورت (Short Circuit) و حیسابکردنی کلاسی گەرمایی)، نەخشە دووڕەهەندەکانی ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغی بەرهەمهێنانەوە.



## بەشەکانی یەکەی تەکنیکی و ئەندازیاری

**١. ئەندازیاری و داڕشتنی کارەبا (Electrical)**

١,١. حیسابکردنی دینامیکیی پەیوەندی کورت (Short Circuit)
١,٢. خولگەی کارەبایی یەک-هێڵی
١,٣. حیساباتی کراس سێکشنی (cross section) باسبارەکان بە پی بارودۆخە ژینگەییەکان


**٢. خەملاندنی کەرستە و پێداویستییەکان**


٢,١. لێکدانەوە و دابینکردنی لیستی کەرستە و کەلوپەلی پێویست بۆ پرۆژەکە

**٣. ئەندازیاری و داڕشتنی میکانیکی (Mechanical)**

٣,١. داڕشتنی سێڕەهەندیی جەستەی بۆردە کارەباییەکە
٣,٢. حیساباتی میکانیکیی بۆردەکە
٣,٣. داڕشتنی نەخشە تەکنیکییە میکانیکییەکانی بۆردە کارەباییەکە

نموونەگەلێک لە مۆدێلسازیی سێڕەهەندی









## یەکەی کۆنترۆڵی پڕۆژە

ئەم یەکەیە بەرپرسیاریەتی پێکهێنانی هەماهەنگی لە نێوان خاوەنکار و یەکەکانی ئیشکەر لە پڕۆژەکەی (لە کاروباری تەکنیکیدا) لە سەر ئەستۆدایە. لە لایەکی ترەوە، بەرپرسیاریەتی چاودێری کردن بە سەر بەڕێوەچوونی ئیشەکان بە شێوەی پێویست لە پڕۆژەکەش هەر لە سە ئەستۆی ئەم بەشەدایە. کۆنترۆڵی پڕۆژە پڕۆسەیەکی گرنگ و زانسییە و ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاوی هەیە لە باشترکردنی پڕۆسەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەزامەندی کڕیاراندا. هەربۆیە کارمەندانی ئەم بەشە بە سوودوەرگرتن لە سۆفتوێرەکانی تایبەت بە ئەم ئیشە، تەواوی تەرکیزی خۆیان دەخەنە سەر کۆنترۆڵکردنی پڕۆژەکان (هەر لە سەرەتای پڕۆژەکەوە تا پێشکەشکردنی بەرهەمی کۆتایی یان خزمەتگووزاریی‌کۆتایی).

## یەکەی پلاندانان

کارناسانی ئەم یەکەیە بە پشتبەستن بە زانست و سۆفتوێرە پسپۆڕییەکان، بەرپرسیاریەتی قۆناغەکانی بەرهەمهێنان (بە پی ئەولەویاتەکانی پڕۆژەک)ـەیان لە ئەستۆدایە. ئەو پڕۆسەی لە ئاکامی ئەم پلاندانەوە بەدەستدێت، خشتەی کاتی بەرهەمهێنان لە تەنگەنەدا دیاری دەکات. ڕاپۆرتی ئیش و کار و نوقسانییەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، یەکێکە لە بناغەییترین پارامێترەکانی بڕیاردان بۆ بەڕێوەبەرەکاندا کە بەردەوام گرنگیان پێدەدرێت و شیکاریان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێگای چاکسازی و پێشقەچوون هەموار بکرێت.






## یەکەی توێژینەوە و گەشەسەندن

یەکەی توێژینەوە و گەشەسەندن، بە هاوچەرخی و هەماهەنگی لەگەڵ تەکنۆلۆژیای سەردەم هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی وەک بزوێنەری پێشقەخەری ڕێکخراوەکە ئیش بکات و توانای کێبڕکێی پێببەخشێت و بەردەوام ئاستی ڕێکخراوەکە بەرز کاتەوە و سەرکەوتووی بکات بە سەر ڕێکخراوەکانی کێبڕکێکاری تر لە بازاڕدا.
ئەم یەکەیە لە دەرچووانی بەکالۆریۆس و ماستەری بەشەکانی تەکنیکی و ئەندازیارییەوە پێکهاتووە و ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە پرۆسە پیشەسازییەکان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیدا هاوچەرخ بکات و پێشگیری بکات لە دواکەوتنی ڕێکخراوەکەدا.


## یەکەی بەرهەمهێنان

هەر چەند بەردی بناغەی بەرهەمهێنان لە قۆناغەکانی ئەندازیاری و داڕشتنی بەرهەمەکەدا پێکهاتووە، بەڵام پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەشەکان و هێڵەکانی بەرهەمهێناندا تەواو دەکرێت. یەکەی بەرهەمهێنان لە ژێر بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەرایەتی بەرهەمهێناندایە. ئەم یەکەی پلانەکانی بەرهەمهێنان لە بەشی پلاندانەوە وەردەگرێت و بە پی ئەو زانیاریانەی لە نووسینگەی تەکنیکییەوە وەریدەگرێت، پرۆسەی بەرهەمهێنان تەواو دەکات. تەواوی قۆناغەکان لە هێڵەکانی بەرهەمهێنان و یەکەکاندا بە پی پێوەرەکان و ڕێنماییەکانی ئیزۆ (ISO)ـەوە ئەنجام دەدرێن. ئامانج و ئەرکی ئەم یەکەیە ئەوەیە بە ئیدارەکردنی کات و سەرچاوەکان، بەرزترین ئاستی کوالیتی و ڕەزامەندی کڕیاران وەدەستبخات.













## بەشی کانزاکاری

وەک یەکێک لە قۆناغەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان، ئەم بەشەش ئیش و ئەرکەکانی خۆی بە پی پلانەکان ونەخشەکان و ئەو پارچە کانزاییانەی کە لە نووسینگەی تەکنیکییەوە وەریاندەگرێت بەڕێوەدەبات. لە قۆناغی یەکەمدا پارچە کانزاییە پێویستەکان بە پی نەخشەکان دەبڕدرێن (سەرەتایی)، یان ئەشیا و پارچەگەلێکی تایبەت کە پێشتر پانچکراون بە پی ژمارەی پێویست لە وەرەقەیەکی گەورەترەوە دەبڕدرێن و دەردەهێنرێن (لاوەکی). پارچە کانزاییە بڕدراوەکان بە پی نەخشە و بەسوودوەرگرتن لە ئامێرگەلی پانچکار و گۆشەلێدەر کون دەکرێن و ئیشی گۆشەلێدانیان بۆ دەکرێت و پارچە ئامادەکراوەکان پاش پانچکاری، بە ئامێری چەمێنەر و بە پی ئەندازە و فۆرمی دیاریکراو لە نەخشەکاندا دەچەمێنرێن. لە بەشی کانزاکاریدا، بۆ پێکهاتە و ئێستراکچری بۆردی کارەبایی ڤۆڵتییەی خوار لە پلانی سیڤاکۆن (SIVACON) و ڕیتال و هەروەها بۆ بۆردی کارەبایی ڤۆڵتییەی ناوەندی لە پلانگەلێک وەک UNISAFE. UNISWITC. SAREL (بە پی پێویستی پرۆژەکانەوە)سوودوەردەگیردرێت.






پارچە کانزاییە پێویستەکان بە پی نەخشە ئەندازیارییەکان ئامادە دەکرێن و ئیشی لەحیم و سافکردن و پۆلیشیان بۆ دەکرێت.








## بەشی ڕەنگكاری

پاش دروستكردنی پارچە كانزاییەكان و پۆلیشكردنیان، بۆ ئەوەی بە كوالیتیەكی بەرزتر ڕەنگ بكرێن، پرۆسەی شۆردن كە پێكهاتووە لە بەشەكانی لابردنی چەورییەكان، ئاوكێشكردن، فسفاتكاری، ئاوكێشی بۆ جاری دووهەم و پاشان وشككردنەوە بە شێوازی (DEEP)، بەڕێوەدەچێت. پاش تەواوبوونی پرۆسەی شۆردن، پارچە كانزاییەكان بە شێوازی ئێلكترۆستاتیک و بەكارهێنانی سیستەمی ڕۆبۆتیكی پژاندنی ڕەنگی بۆدرەیی و بە شێوەی كانوایەر و لە حاڵی جووڵە لە كاتی دیاریكراودا و لە كۆرەی كولاندنی ڕەنگەوە ئامادە دەكرێن و پاشان دەنێردرێنە بەشی مۆنتاژەوە.







## بەشی مۆنتاژکردنی بۆردی کارەبایی

لەم بەشەدا سەرەتا بۆردەکان بە پێی نەخشە شوێندانان، داکتیان (Duct) بۆ دادەنرێت و پاش مۆنتاژکردنی کەلوپەلە کارەباییەکان و چەسباندنی باسبارە پێویستەکان بە پێی نەخشەی کارەبایی، وایەرینگ دەکرێن. لە تەواوی قۆناغەکانی مۆنتاژکردنی بۆردەکان، هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە کراس سێکشنی وایەرەکان، باسبارەکان و هەروەها ژمارەی هێڵەکان و ترمیناڵەکان ڕەچاو دەکرێت و ئیشەکە بە پێی ئەرنجی خوازراوی کڕیارەکان و بە پێی پێوەرە هاوپەیوەندەکان و ئەو خاڵانەی کە دەبێ ڕەچاو بکرێن تەواو دەکرێت. لە درێژایی پرۆسەی مۆنتاژدا، کارناسان و پسپۆڕانی بەشی کۆنترۆڵی کوالیتی، بە شێوەیەکی جدی و بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە کاتی ئیشەکەدا هەموو خاڵە پێویستەکان کۆنترۆڵ دەکەن.













## بەشی پشکنین و کۆنترۆڵکردنی کوالیتی

پشکنین و کۆنترۆڵکردنی کوالیتی بە پێی پێوەرە کارەبایی و میکانیکییەکان و پێوەرەکانی تر و لە سەر بنەمای نەخشەکانی بەشی تەکنیکی و ئەندازیاری لە تەواوی قۆناغەکانی بەرهەمهێناندا (کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆ لە کاتی بەڕێوەچوونی پرۆسە) و بە بەکارهێنانی ئەو چک لیستانەی کە لەبەردەستدان، لە چەندین بەشی جیاوازدا بەڕێوەدەچێت.

بەشەکانی یەکەی کۆنترۆڵکردنی کوالیتی پێکهاتوون لە:

١. کۆنترۆڵی ئێلێکتریکاڵ
٢. کۆنترۆڵی میکانیکاڵ
٣. کۆنترۆڵی لیستی خەمڵاندنی کەرەستە و پێداویستییەکان
٤. کۆنترۆڵی ڕەنگ و کەلوپەلە بەکارهێنراوەکان



کۆنترۆڵکردن لەم یەکەیەدا پێکهاتووە لە بەشگەلێک وەک پشکنینەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە بەشە جیاوازەکان و کۆنترۆڵکردنی ویستگەیی وەک کۆنترۆڵکردنی ئەو کەرەستانەی دێنە ناو کۆگاکان، کۆنترۆڵکردنی ئەو کەرەستانەی لە بەشی کانزاکارییەوە دەردەچن، کۆنترۆڵکردنی میکانیکیی بەشی مۆنتاژ، تاقیکردنەوەی کارەبایی و ئێلێکتریکاڵ، تاقیکردنەوەی مەوادی بەکارهاتوو لە شۆردنەوە و ڕەنگ و تۆرک (torque)ـی پێچ و برغووەکانی پەیوەندەکان لە بۆردەکان و هتد.




برێک لە بەشەکانی کۆنترۆڵ بریتین لە:

- کۆنترۆڵی ڕواڵەت و بەراوردکردن لەگەڵ نەخشەکانی دروستکردن
- کۆنترۆڵی تەواوی چوارچێوەی بۆرد و ڕەنگەکەی
- کۆنترۆڵی پلەی پاراستن
- کۆنترۆڵکردنی خولگەکانی کارەبا و فەرمان (Control Circuit – Power Circuit)
- کۆنترۆڵی پەیوەندییەکان (تۆرک (torque)ـی پێچ و برغووەکان، قوفڵەکان و بۆرییەکان)
- کۆنترۆڵی ئامێر و کەرەستەکان و بێکێشەبوونیان بە پێی خواستی خاوەنکار
- کۆنترۆڵکردنی ژمارەگووزاریی وایەرەکان و ترمیناڵەکان و فۆرمبەندی وایەرەکان
- کۆنترۆڵکردنی داکتەکانی و گرژ و قەرەباڵخنەبوونی وایرەکان
- کۆنترۆڵی باسبارەکان و مەوادی عەزلی کارەبایی لە نێوان فازەکان و جەستەی بۆردەکەدا
- کۆنترۆڵی قەبارەی وایەرەکان و ترمیناڵەکان و ئەوەی کە ژمارەکانی وایەرەکان بە ئاسانی ببینرێن
- کۆنترۆڵکردنی ئیش و کارایی تەواوی پارچەکان و پیشاندانی کرداری خولگەکانی فەرمان (Control Circuit) بە تێکردنی تەزووی ناوی (Rated Current) بۆ ناو بۆردەکە و دڵنیابوون لەوەی کە بۆردەکە بە باشی ئیش دەکات.
- کۆنترۆڵکردنی بەستەبەندیی بۆردەکە

















# تاقیگای کۆنترۆڵی کوالیتی

## ١. تاقیگای ڕەنگ و مەواد:

لەم تاقیگایەدا سەرەتا ڕەنگ، مەوادی تایبەت بە شۆردنەوە و مەواد و کەرەستەگەلی کیمیایی تر تاقیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و پاش سەرکەوتن لە تاقیکردنەوە پەیوەندیدارەکاندا، دەتوانن بچنە ناو قۆناغی بەرهەمهێنانەوە و لە درێژایی پرۆسەکەشدا و بە سوودوەرگرتن لە سەردەمیانەترین و پێشکەوتووترین ئامێرەکانی تایبەت بەم پیشەسازییەدا، کۆنترۆڵ هەر لە سەریان بەردەوام دەبێت.

- تاقیکردنەوەی تایبەت بە ڕادەی PH بۆ مەوادی ناو حەوزەکانی شۆردنەوەی پارچەکان
- تاقیکردنەوەی ساڵت سپرەی
- تاقیکردنەوەی لێدان
- تاقیکردنەوەی لکانی ڕەنگ
- تاقیکردنەوەی چەمانەوە
- تاقیکردنەوەی ئەستووریی ڕەنگ

## ٢. تاقیگای ئێلکتریکاڵ و تاقیکردنەوەی کۆتایی

ئـەم تاقیگایـە یەکێـک لـە هەسـتیارترین قۆناغەکانی تاقیکردنـەوەی لـە ئەسـتۆدایە. هەموو تاقیکردنـەوەکان لەم تاقیگایە بە پێی پێوەری IEC ٦١٤٣٩ەوە بەڕێوەدەچن.

## ٣. تاقیگای ڕووتینی تاقیکردنەوە بە پێوەری IEC:

- تاقیکردنەوەی کارایی و کرداری میکانیکی
- تاقیکردنەوەی کارایی و کردار کارەبایی
- تاقیکردنەوەی عەزل تا ٥٠٠٠ ڤۆڵت
- تاقیکردنـەوەی کوتان و تێکردنی تـەزووی کارەبا تا ٤٠٠٠ ئەمپێر
- تاقیکردنەوەی ڕەنگ

## ٤. تاقیگای کارەبای ڤۆڵتییەی بەرز:

- تاقیکردنەوەی ڤۆڵتییەی بەرز/ فرێکوێنسی خوار DC
- تاقیکردنەوەی ڤۆڵتییە بەرز/ فرێکوێنسی خوار HI POT TEST - AC (KVAC ١٠٠)
- تاقیکردنەوەی لێدان / ڤۆڵتییەی زیادە IMPULS TEST - AC (KVAC ١٠٠)















## بەستەبەندی


پاش تێپەڕبوونی دوایین قۆناغ و بە ئامانجی پاراستنی جەستەی بۆردە کارەباییەکان لە هەمبەر ئەگەری هەر ڕووداوێک و زیانپێگەیشتن لە کاتی بارکردن و گواستنەوەدا، ئیشی بەستەبەندی بە پی پێوەرەکان و فۆرمەکانی کۆنترۆڵی کوالیتی و بە باشترین شێوە بەڕێوەدەچێت. کۆنترۆڵکردنی کوالیتی تایبەت بە بەستەبەندی پێکهاتووەلە:

**لیستەکانی کۆنترۆڵی کوالیتیی تایبەت بە بەستەبەندی:**

- - Packing list
- - Marcking

**جۆرەکانی بەستەبەندیش بریتین لە:**

- - نایلۆنی بڵقدار (خۆڕاگر لە هەمبەر لێدان)
- - فۆمی خۆڕاگر لە هەمبەر لێدان
- - قەفەسی داری یان کانزایی
- - پالێتی داری بە نایلۆنی بڵقدار



# کۆگای کاڵاکان

سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆگا لەم کارخانەیەدا بە سوودوەرگرتن لە سۆفتوێرەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کۆگا بە شێوەی سناعی و کۆدینگی کاڵاکان بە شێوەیەکی زۆر وردبینانە بۆ هەموو قۆناغەکانی ڕاگرتن و پاراستن، هاتنەناو و دەرچوونی کاڵاکان و بە پی پێوەرەکان و ڕێنماییەییەکانی ئیزۆ (ISO)ـەوە ئیش دەکات. ئەو شتومەکەی دێنە ناو کۆگاکەوە لە لایان بەشی کۆنترۆڵی کوالیتییەوە و بە پی خواستی کڕیار و ڕێنماییە پەیوەندیدارەکان و بە شێوەی ویستگەیی پشکنین و تاقیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و پاشان مۆڵەتی هاتنەناویان و تۆمارکردنیان بۆ دەردەچێت.

# چەند نموونەیەک لە بەرهەکانمان

لە درێژەی ئەم دەقەدا چەند نموونەیەک لە بەرهەمەکانی ئەم کۆمپانیایەتان پێدەناسێنین. بە پێی ئەوەی کە ئەم کۆمپانیایە چەندەها بۆردی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنێت و لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە کە هەموویانتان پێبناسێنین، تەنها چەند بەرهەمێک بۆ نموونە بە ئێوەی بەڕێز پیشان دەدرێت.







## بۆردی ڤۆڵتییەی ناوەندیی چەکمەجی

## MV WITHDRAWABLE SWITCHGEAR

- بۆردی ڤۆڵتییەی ناوەندیی چەکمەجی Unisafe بە تەکنۆلۆژیای ABB
- مەودای ڤۆڵتیە ٣٦KV, ٢٤KV, ١٧,٥KV, ١٢KV
- مەودای تەزوو ٦٣٠A تا ٤٠٠٠A
- دەتوانین لە سەر و خواری بۆردەکەوە ڕێگای هاتنەژوورەوە و دەرچوونەوەی بۆ دابین بکەین
- بە ئاسانی دەستی پێدەگات بۆ سەربەندیکردنی کێبڵەکان
- ژوورەکانی بەشە جیاوازەکانی بۆردەکە لە یەک جودا کراون (باسبار، کلیل، کۆنترۆڵ، ترانسفۆرمەری ڤۆڵتییە و تەزوو)
- خاوەنی هەموو ئینترلاکە پێویستەکانە بە پی پێوەری IEC
- سیستەمی چەکمەجی بۆ ترانسفۆرمەرە ڤۆڵتییەکان
- دەتوانین بە پی ئۆردێر ئینترلاکی تری پێزیاد بکەین



## بۆردی ڤۆڵتییەی ناوەندیی کۆمپەکت

## MV COMPACT SWITCHGEAR

- بۆردی کۆمپەکت بە عەزلی AIR/SF٦ بە تەکنۆلۆژیای SARELـی ئیتاڵی
- مەودای ڤۆڵتیە ٣٦KV, ٢٤KV, ١٧,٥KV, ١٢KV
- مەودای تەزوو ٢٠٠A تا ١٢٥٠A
- بەرهەمێکی سەلامەت و تەمەندرێژە
- بە ئاسانی بەکاردەهێنرێت و لە ئەگەری خراپبووندا بە ئاسانی چاک دەکرێتەوە
- دەتوانین لە پۆستی کۆمپەکتیشدا دایمەزرێنین
- خاوەن تایپی تاقیکردنەوەی تەواو لە CESI و خاوەن بڕوانامە لە پەیمانگای نیروو
- خاوەن بڕوانامەی بەرهەمهێنان لە لایان SARELـی ئیتاڵی
- لە پیشەسازیی نەوت و غاز و پترۆکیمیا و هەروەها لە کانگاکان و کارخانەکاندا بەکاردەهێنرێت







## بۆردی ڤۆڵتییەی خواری فیکس و چەکمەجی

- مەودای ڤۆڵتییە ٤٠٠V
- زۆرینەی تەزووی کارەبایی تا ٥٠٠٠A
- دەتوانین لە هەموو شەبەکە و تۆڕەکانی ڤۆڵتییە خواردا بەکاریبهێنین
- بە پێی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ و بە ڕەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمەوە داڕشتنی بۆ کراوە
- لە هەموو جۆرە کەشوهەوایەکدا دەتوانین بەکاریبهێنین
- خاوەن ئاستێکی بەرزی سەلامەتی لە دامەزراندن، بەکارهێنان و چاککردنەوەدا
- تەجهیزکراو بە ئینترلاکانی میکانیکی و کارەبایی لە دۆخی جۆراوجۆردا
- خاوەن تایپی تاقیکردنەوە







## بۆردەکانی کۆنترۆڵ و PLC

- تابلۆی پلانی ڕیتال PS٤ لە قەبارە و ئەندزەی جۆراوجۆر بە پی ئۆردێر و داکیۆمنتی بەرهەمهێنان
- جەستەی کانزایی ورەنگی ئێلکترۆستاتیک
- دروستکردنی کۆنترۆڵ پەنێل لە شێوازی پیانۆیی (مێزی) لەگەڵ میمیک
- بەکارهێنانی برەندی جۆراوجۆری PLC بە پی ئۆردێر
- پرۆگرامینگی جۆرەکانی PLC لەگەڵ تاقیکردنەوەی کردار و کارایی بە پی داکیۆمنت
- لە پیشەسازیی نەوت و غاز و پترۆکیمیا و هەروەها لە کانگاکان و کارخانەکاندا بەکاردەهێنرێت





## بۆردی BMS

دروستکردنی بۆردەکانی تایبەت بە بەڕێوەبەرایەتیی بینا بە شێوەی زیرەک و ئۆتۆمات و بە شێوازی خانەخانەکراو بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستمان پێبگات و بتوانین بەشە جیاوازەکان لە ئەگەری خراپبووندا چاک بکەینەوە
بەڕێوەبەرایەتی، کۆنترۆڵ و مانیتۆرینگ و چاودێری و کەمکردنەوەی ئاستی بەکارهێنانی وزە
دەتوانین لە بینا ئیداری، بازرگانی و فێرکارییەکان و هەروەها نەخۆشخانەکان و ئۆتێلەکان و بیناکانی نیشتەجێبوون و هتد. بەکاریانبهێنین.
لە سیستەمی ڕۆشنایی، هەواگۆڕی، دامەزراوە میکانیکییەکان، ئامرازگەلی تایبەت بە لێکدانەوە و پێوانەکردنی ڕێژەی ئاوی بەکارهاتوو، سیستەمی ئاگادارکردنەوەی ئاگر، دیزڵی مۆلیدە، مەسعەدو هتد. بەکاردەهێنرێت.










## بۆردی کارەبایی OUTDOOR

- دروستکردنی کیوسکی تەواوکانزایی برغویی و گاڵڤانایز و ڕۆنی بە شێوەی ڕەنگکراو تا ئاستی ٨٠٠ کیلۆڤۆڵت ئەمپەر
- دەتوانین بەشەکانی لێکبکەینەوە بۆ ئاسانی لە گواستنەوەدا
- بەشەکانی جۆراوجۆری ترانسفۆرمەر، ڤۆڵتییەی ناوەندی، ڤۆڵتییەی خوار
- دروستکردنی بەشە جیاوازەکانی بە شێوەی OUTDOOR (کیوسک بۆ دامەزراندنی ترانسفۆمەر، کیوسک بۆ دامەزراندنی بۆردی کارەبایی ڤۆڵتییەی ناوەندی، کیوسک بۆ دامەزراندنی بۆردی کارەبایی ڤۆڵتییەی خوار)
- دەتوانین لە سەر بناغەی کۆنکرێتی و کانزاییدا دایمەزرێنین.
- خاوەن بۆردگەلی کارەبایی ڤۆڵتییەی خوار بە پێی ئۆردێر







## بۆردەکانی تایبەت بە پیشەسازیی خۆراک، دەرمان و تەندروستی

- جەستەی بۆردەکان لە پۆڵای خاوەن گرەیدی باڵا (٣٠٤)ـەوە دروست دەکرێت
- لەبەرئەوەی لە پۆڵا دروست کراوە دەتوانی چەندها جار جەستەکەی بشۆینەوە
- خولگە کارەباییەکانی خاوەن سیستەمی عەزل و ئیزۆلەن.
- پێویستی بە ڕەنگ نییە
- خاوەن ئاستی پاراستنی دەورووبەریی بەرز (IP)
- لە پیشەسازیی خۆراک، دەرمان و تەندروستیدا بەکاردەهێنرێت







## بانکی خەزنکەر (capacitor bank)

- بۆردەکانی بانکی خەزنکەر بۆ چاککردنەوەی پاوەرفەکتەر بەکاردەهێنرێن
- ئەم بۆردانە بە دوو شێوازی فیکس و مدوار بەرهەمدەهێنرێن
- خەزنکەرەکانی ناو ئەم بۆردە بە دوو شێوەی ڕۆنی و وشک بەکاردەهێنرێن
- تێیدا سوود لە کۆنتاکتۆرگەلی خەزنکەری وەرگیراوە بۆ ئەوەی پێشگیری بکرێت لە شۆکی تەزووی کارەبا لە ڕێگای خەزنکەرەکاندا
- دەتوانین فیلتەری هارمۆنیکی بۆ دابین بکەین بۆ چاککردنەوەی هارمۆنیکی دروستکراو لە تۆڕەکەدا

# دەستکەوت و شانازییەکانمان






سندیکای صنعت برق ایران
Iran Electrical Industry Syndicate

Date of Issue: March 2019
Valid up to: March 2020

تاریخ صدور: ۹۸/۰۱/۰۱
تاریخ اعتبار: ۹۸/۱۲/۲۹

گواهی عضویت
Certificate of Membership

Reference to article No.7 of Iranian Electrical Industry Syndicate (IEIS)'s official statute; herewith, membership of

Mihan Tablo Fajr Co.
with registration No: 402678

and membership NO(02-179) is confirmed and the mentioned company has all the related rights and benefits of membership in IEIS during the period of membership.

با استناد به ماده ۷ اساسنامه سندیکای صنعت برق ایران بدینوسیله گواهی می‌شود

شرکت میهن تابلو فجر
به شماره ثبت:۴۰۲۶۷۸

با کد (۱۷۹-۰۲) به عضویت سندیکای صنعت برق ایران پذیرفته شده و از کلیه حقوق و مزایای مربوطه بهره‌مند است.

Ali Bakhshi علی بخشی
Chairman رئیس هیات مدیره

Sepehr Barzimehr سپهر برزی مهر
Secretary General دبیر سندیکا

www.ieis.ir



تاریخ صدور: ۹۷/۱۰/۰۱
تاریخ اعتبار: ۹۷/۱۲/۲۹

سندیکای صنعت برق ایران
Iran Electrical Industry Syndicate

Date of Issue:Jan 2019
Valid up to: March 2019

گواهی عضویت
Certificate of Membership

Reference to article No.7 of Iranian Electrical Industry Syndicate (IEIS)'s official statute; herewith, membership of

Mihan Tablo Fajr Co.
with registration No.: 402678 & membership code:02-179

is confirmed and the mentioned company has all the related rights and benefits of membership in IEIS during the period of membership.

با استناد به ماده ۷ اساسنامه سندیکای صنعت برق ایران بدینوسیله گواهی می شود

شرکت میهن تابلو فجر
به شماره ثبت: ۴۰۲۶۷۸ و کد عضویت : ۱۷۹-۰۲

به عضویت سندیکای صنعت برق ایران پذیرفته شده و از کلیه حقوق و مزایای مربوطه بهره مند است.

علی بخشی Ali Bakhshi
رئیس هیات مدیره Chairman

سپهر برزی مهر Sepehr Barzimehr
دبیر سندیکا Secretary General

www.ieis.ir



Certificate

جمهوری اسلامی ایران
وزارت نیرو

هفدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران
The 17th Iran International Electricity Exhibition
4 - 7 November 2017 , Tehran, IRAN ۱۳ تا ۱۶ آبان ماه ۱۳۹۶ - محل دائمی نمایشگاه های بین المللی تهران

شرکت میهن تابلو فجر

بی تردید هفدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران بستری اثرگذار برای فرصت آفرینی و ایجاد تحولات نوین و خلاقانه در حوزه صنعت برق کشور خواهد بود.
هم اکنون که به یاری خداوندمتعال این رویداد مهم با موفقیت برگزار شده است این لوح تقدیر به پاس تلاش ارزشمندتان در برگزاری شایسته این نمایشگاه به حضور تقدیم می گردد.



جمهوری اسلامی ایران
وزارت نیرو
Ministry of Energy

شرکت توانیر
Iran power Generation, Transmission and Distribution Management Company

پانزدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت‌برق‌ایران
The 15th Iran International Electricity Exhibition
۱۷ الی ۲۰ آبان ماه ۱۳۹۴ 8-11 November 2015, Tehran-Iran

شرکت محترم میهن تابلو فجر

برپایی پانزدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران که با حضور گسترده شرکت های داخلی و خارجی برگزار گردید بعنوان بزرگترین رویداد صنعت برق در ایران محسوب شده و امیداست این نمایشگاه توانسته باشد شما را در دستیابی به اهداف مورد نظر محقق ساخته باشد.
مشارکت فعال آن شرکت را در این نمایشگاه ارج نهاده و این لوح تقدیر به پاس حضور ارزشمندتان تقدیم می گردد.

ستاد برگزاری نمایشگاه بین المللی
صنعت برق ایران



CERTIFICATE

جمهوری اسلامی ایران
وزارت نیرو
Ministry of Energy

نوزدهمین نمایشگاه بین المللی
صنعت برق ایران
۹ تا ۱۲ آبان ماه ۱۳۹۸ - محل دائمی نمایشگاه های بین المللی تهران
The 19th Iran International
ELECTRICITY
Exhibition 31 Oct. - 3 Nov. 2019
Tehran International Permanent Fairground

شرکت محترم میهن تابلو فجر

همراهی و مشارکت فعال آن شرکت در نوزدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران را ارج می‌نهیم. امید است این نمایشگاه توانسته باشد شما را در معرفی توانمندی‌ها و دستیابی به اهداف مورد نظر یاری نماید.
این لوح تقدیر به پاس حضور ارزشمندتان در این نمایشگاه تقدیم می‌گردد. موفق و سربلند باشد.

صدیقه ببران
مدیرکل دفتر روابط عمومی و
اطلاع رسانی وزارت نیرو



CERTIFICATE

شرکت محترم میهن تابلو فجر

همراهی و مشارکت فعال آن شرکت در پانزدهمین نمایشگاه بین‌المللی صنعت آب و تاسیسات آب و فاضلاب ایران را ارج می‌نهیم. امید است این نمایشگاه توانسته باشد شما را در معرفی توانمندی‌ها و دستیابی به اهداف مورد نظر یاری نماید.
این لوح تقدیر به پاس حضور ارزشمندتان در این نمایشگاه تقدیم می‌گردد. موفق و سربلند باشد.

صدیقه ببران
مدیرکل دفتر روابط عمومی و
اطلاع‌رسانی وزارت نیرو

The 15th Iran International
Water & Wastewater
Exhibition
30 Sep. - 3 Oct. 2019 -Tehran International Permanent Fairground
پانزدهمین نمایشگاه بین المللی
صنعت آب و تاسیسات آب و فاضلاب ایران
۸ تا ۱۱ مهرماه ۱۳۹۸ - محل دائمی نمایشگاه های بین المللی تهران


AMH
Training Inspection Certification
AMH ACADEMY

Certificate of Training

It is hereby certified that

*Hamid Halaji*

Has Attended a Training Course on the Subject of

*Basic & Requirements Quality Management Systems Based on ISO 9001:2015*

and Has Successfully Passed the Training Course

"The Course Has Been Held According to the AMH Academy Training Module"

Held

22th - 23th Nov 2017

Tehran - IRAN

Certificate. No.: IR-AMH ACA-102-213

For validity of the certificate please visit 'www.homamco.com' or send Certificate. No to info@homamco.com

www.HOMAMCO.com

CEO
A.Razi

Academy Manger
R.Nazari

Original

AMH is Representative of TNV Certification in IRAN

JAS-ANZ

M4930112

Exemplar Global

TNV Certification Pvt. Ltd. (Accredited by JAS-ANZ and Exemplar Global (RAB-QSA))





جمهوری اسلامی ایران
وزارت نیرو
Islamic Republic of Iran
Ministry of Energy

شانزدهمین نمایشگاه بین المللی
صنعت برق ایران
۱۵ الی ۱۸ آبان ماه ۱۳۹۵ - محل دائمی نمایشگاه های بین المللی تهران

The 16th Iran International
Electricity
Exhibition
5-8 November 2016, Tehran, Iran
Tehran International Permanent Fairground

ufi Member — ufi Approved Event

CERTIFICATE


**Mihan Tablo Fajr**

Your valuable presence at the 16th Iran International Electricity Exhibition has led this exhibition to become more attractive and added more credit and success to the event. Hereby, we would like to express our gratitude and appreciation for your participation to present innovative products and services which were very important factors for the success of the event.

**شرکت محترم میهن تابلو فجر**

همراهی و مشارکت فعال و پرشور آن شرکت در شانزدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران را ارج نهاده، امیداست این نمایشگاه توانسته باشد شما را در معرفی توانمندی ها و دستیابی به اهداف مورد نظر یاری کرده باشد. این لوح تقدیر به پاس حضور ارزشمندتان در این نمایشگاه تقدیم می گردد.
موفق و سربلند باشید.

Organizing Committee


جمهوری اسلامی ایران
وزارت نیرو

The 18th Iran International
ELECTRICITY
Exhibition
2-5 November 2018
Tehran International Permanent Fairground

هجدهمین نمایشگاه بین المللی
صنعت برق ایران
۱۱ تا ۱۴ آبان ماه ۱۳۹۷ - محل دائمی نمایشگاه های بین المللی تهران

شرکت محترم میهن تابلو فجر

برگزاری هجدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران، بستری تاریخی و اثرگذار برای فرصت آفرینی و ایجاد تحولات نوین و خلاقانه در توسعه صنعت برق کشور خواهد بود. این مهم حاصل همفکری راهبردی، همگرایی آگاهانه و تلاش جمعی در انعکاس واقعیات عینی صنعت برق می باشد.

ضمن ارج نهادن به این همت والا که موجب ارتقای سطح کیفی برگزاری این رویداد بین المللی گردید صمیمانه تشکر و قدردانی می نماید.

این لوح تقدیر به پاس تلاش ارزشمندتان جهت مشارکت در هجدهمین نمایشگاه بین المللی صنعت برق ایران به حضور تقدیم می گردد.

صدیقه پیران
مدیرکل دفتر روابط عمومی و اطلاع رسانی وزارت نیرو
و رئیس ستاد نمایشگاه ها و جشنواره های صنعت آب و برق کشور

# بەرهەمەکان و خزمەتگووزارییەکان

- کار لەگەڵ کۆمپانیای "توزیع بەرق تێهران بزرگ" و "توزیع بەرق ئۆستان تێهران"
- کار لەگەڵ کۆمپانیایاکانی ئابفای پارێزگای تاران و دەوروبەر
- کار لەگەڵ کۆمپانیایاکانی کەرتی شیرەمەنی
- کار لەگەڵ کۆمپانیاکانی بیناسازی بەکۆمەڵ و کۆمپانیاکانی هاوکاریی نیشتەجێبوون
- کار لەگەڵ کۆمپانیا ئۆتۆمبێلەکان
- کار لەگەڵ کۆمپانیاکانی پۆڵا و چیمەنتۆ
- کار لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت و غاز
- کار لەگەڵ زانکۆکان
- کار لەگەڵ شارەدارییەکان
- کار لەگەڵ ڕێکخراوی "جەهاد کشاورزی"
- کار لەگەڵ ڕێکخراوی "نۆسازی مەدارس"
- کار لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوە حکومییەکان
- کار لەگەڵ زنجیرە فرۆشگاکان
- کار لەگەڵ نەخۆشخانەکان و ئۆتێلەکان
- کار لەگەڵ کۆمپانیاکانی ڕیگای ئاسنی شەمەندەفەری ناوشاری و دەرەوەی شاری
- کار لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەندازیارانی ڕاوێژکار

www.mihantablofajr.com
info@mihantablofajr.com




+9821-48000820

www.mihantablofajr.com
info@mihantablofajr.com

ناونیشانی نووسینگەی ناوەندی: تاران، شەقامی ئەشرەفیی ئەسفەهانی، سەرتر لە ڕێگای گشتیی حەکیم، تاوەری "زۆمۆڕۆد"، نهۆمی ٣، یەکەی ٣٤. کۆدی بەریدی: ١٤٦١٩٣٣١٥٤

No.34, Third Floor, Zomorod tower, Ashrafi Esfehani Ave above the Hakim, Tehran, Iran, PO.cox: 1461933154

کارخانو (موعمول): تاران، شاری پیشوسازیی پورهند، گۆڕەپانی سونعوتگوران، بلواری سونعوتگوران ، شوقامی فورخۆندە، کۆچوی ڕاش، ژمارە ٤ کۆدی بەریدی: ٣٧٦١٤١٨٣١٧

No. 4, Rash Alley, Farkhondeh Street, San'atgaran Boulevard, San'atgaran Square, Parand Industrial Town, Tehran , Iran PO.cox: 3761418317